# من و شیعر و من و لم

به یادی 182هەزار پەپوولەی سپی

## ناڵە حەسەن



پازدە ساڵە لە شەونخوونی و لە ژووانی بەردەوام دام لە گەڵ شیعر , لە پەنجەرەکانی شیعرەوە دەروانمە باخچە و گوڵ و ئاوەدانی , دەروانمە ئاسمان و تریفە و هەور ,
پازدە ساڵە / هەموو شەوێ لە ژوورە رووناکەکانی شیعر تا درەنگانی شەو لای لایە بۆ ئومێدە گەرمەکانی دڵی خۆم و دڵی خوێنەرە ئازیزەکانم دەکەم , ئەو خوێنەرانەی لە نێو چیمەنە سەوزەکانی شیعر وێڵن بە دوای مانایەک بۆ جوانی و مانایەک بۆ بوون...!
پازدە ساڵە / سواری پشتی شەپۆڵە ماندووەکانی دەریای وشە دەبم و بۆ قوڵاییە پر پەنهانیەکانی دەچمە خوارەوە . ئەگەر زمان لە لای" دی سۆسێر " دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە یان پەیوەندی نێوان بیری مرۆڤ و ئەو دەنگانەیە کە دەری دەکات , یاخود لەلای" چۆمسکی " زمان وەکوو ئامرازێکە بۆ دەربرینی ئازادانەی بیر و ئەندێشە و وەڵامێکە بۆ پیگەکانی مرۆڤ خۆی ,
ئەوا لە لای منیش زمان لە شیعردا پەیژەیەکە بۆ گەیشتن بە ترۆپکی جوانی , مانگە بۆ دەرکەوتنی ئیستاتیکای شەو , وشە خونچەیەکە بۆ نمایش کردنی رەنگە جوانەکانی ژیان ..
دەکرێت وشە بە هۆڵێکی گەورە چاو لێ بکەین کە چەندین دەرگا و پەنجەرەی جیا جیای هەبێت و هەر جارەی لە دەرگایەکەوە لێی بچینە ژوورەوە , لە نێوان پانتاییەکانی شیعر وشە وەکوو باڵندەیەکی ئازاد وایە هەر جارەی لە سەر چڵێک دەنیشێتەوە , بە مانایەکی تر هیچ پێنووسێک مەحاڵە بتوانێ باڵندە ئازادەکانی وشە لە نێو قەفەسی مانادا بەند بکات .

بۆ نموونە وشەی سێبەر/ دەکرێت بۆ چرکە ساتەکانی خۆشی و ناخۆشی , بۆ خامۆشی و ئارامی , بۆ ون بوون و مردن بۆ وێڵی و سەرگەردانی , دەتوانیین دەیان وێنەی تری لیَ بنەخشێنیین , دەکریَ هەر جارەی لە گۆشەیەکەوە بۆی بروانین بەبیَ ئەوەی خۆمان ببەستینەوە بە مانای رووتی وشەکە . بۆیە دەمەوێت بڵێم , زمانی شیعر دەبێت چر و پر و خەست بێت تا بتوانین باشتر وەتەرەکانی جوانی و وەتەرەکانی چێژی خوێنەر بجوولێنین , تا بتوانین خوێنەر بۆ قووڵایی خەرەندەکانی مانا ببەینە خوارەوە , لەم بەدواداگەرانەشدا هەم چێژی پیَ ببەخشین و هەم سەرسامی , بۆیە ئەم شاعیرانەی کە ناتوانن خوێنەرەکانیان سەرسام بکەن بە دڵنیایەوە دەڵێم خوێنەریش تەنها یەکجار دەیانخوێنێتەوە . ئەو نوسەرانەی کە چری زمان بە " تەم و مژی ساختە " ناوزەد دەکەن ئەوا ئەم نوسەرانە هەژار و کەم توانان بەرامبەر بە دنیایە پراو پر لە فەنتازیا سیحراویە خەیاڵاویەکەی شیعر, یان لە باشترین حالەتدا دەتوانین بڵێین "ئەم نووسەرانە خوێنەری هەستیار و وریا و بە سەلیقەی شیعر نین...!

رەنگە تا ئێرە دەسپێکێک بێت یان دەروازەیەک بێت بۆ چوونە نێو باسێکی ترەوە کە پەیوەندی راستە وخۆی هەیە بە تایتڵی باسەکەمانەوە ئەگەر لەم دەسپێکە کورتەمدا زۆر بە خێرایی رامانەکانی خۆم خستۆتە روو لە پەیوەند بە زمان لە شیعردا, یاخود چۆنیەتی مامالە کردنم لەگەڵ وشەدا وە لە هەمان کاتیشدا مەبەستمە لە ئەزموونی پازدە ساڵەی تەمەنی خۆم لە گەڵ شیعردا لە دەرگای باسێک بدەم ئەویش روانین و بیرکردنەوەکانی منە بۆ "بیابان و لم" لە نێو رووبەر و چوارچێوەی شیعرەکانم دا .

یاخود بە مانایەکی تر وشەی لم لە پانتایی مانادا چ کاردانەوەیەکی هەیە لە سەر حالەتە دەروونیەکانی من لە راستای دارشتنی شیعرەکانمدا ...بیَ پێچ و پەنا و بە راشکاوی پێتان دەڵێم / لە سەرەتادا من زۆر سەرسام بووم بە جوانیەکانی لم لەزەتی زۆرم لیَ دەبینی لە گەڵ ئەم وشەیەدا دەچوومە ژووان و راموسانێم لە گەڵ ماناکانیدا دەکرد , وشەیەک بوو لە ناسکترین وێنەی شیعری بە کارم دەهێنا بۆ من سەرچاوەیەک بوو جوانی لیَ دەتکا , هەندیَ جار لە کاتی نووسینەوەی شیعرەکانم بە خەیاڵ دەرۆیشتمە کەنار دەریا لە نێو لمدا دەگەوزام , هێندە دەگەوزام تا دەمارەکانی حەز و ئارەزووەکانم شەکەت و ماندوو دەبوون .هەندیَ جار بە تەنها و هەندێک جاریش دڵدارەکەشم لە گەڵ خۆمدا دەبرد.یان هەندیَ جار بەو خەیاڵانەوە خۆم دەگەیاندە بیابانەکان تا چاو برکات لە جوانیەکانی لمم دەروانی لە دووری دوورەوەش تroووسکاییە گەشەکانی ئاسۆم دەبینی ...!

دواتر لەگەڵ بیرکردنەوەم لەگەڵ کارەساتە جەرگبرەکەی ئەنفال, لە گەڵ بیرکردنەوەم لە کوژانەوەی مۆمی تەمەنی سەد و هەشتا و دوو هەزار پەپوولەی سپی و لە گەڵ بیرکردنەوەم لە زیندە بەچاڵکردنی سەد و هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی بێ تاوان ,,ئەم کارەساتە بە قەبارەیەکی زۆر گەورە هاتە نێو ساتە لاشعووریەکانم .ئیتر منیش رۆژ لە دوای رۆژ لە گەڵ خەمەکانی ئەم کارەساتەدا گەورە دەبووم ,تا وای لێهات ماناکانی لم لە جوانی و ناسکی و کەشبینی و عەشقەوە گۆران بۆ ترس و هەناسەسواری و مەرگ و خوێن , پێشتر ئەو شنەبایەی لە کەنار دەریا یاخود لە بیابانەکان لە نێو مەمکۆڵە قنجەکانی لم هەڵیان کردبا لە نێو خەیاڵی شیعریمدا بە سەمایان دەهێنام و مەستیان دەکردم , دواتر بێ ویستی خۆم هەر ئەم شنەبایە کە بارگاوی بوو بە خەیاڵە مەجازیەکانی شیعر لێم دەبوو بە رەشەبا و زریان و گەردەلوولێکی مەرگ هێنەر و ترسناک , وام لێ هاتبوو بترسێم و دەرگای حەزەکانی خۆم بە رووی ئەم رەشەبایە ئافاتیەی مەملەکەتی لم دابخەم , ئێستا ئەم حالەتە ترس هێنەرە کە لە نێو هەستە نەستیەکانی مندا زۆر بە قورسی ئامادەگی خۆی هەیە . لەو ساوە هەر جارێک بیر لە مەملەکەتی لم دەکەمەوە ترس دامدەگرێت و سەد و هەشتا و دوو هەزار مرۆڤ پێکەوە هاوار دەکەن و دەستم بۆ دریژ دەکەن و داوای ژیانم لێ دەکەن ..لێتان ناشارمەوە خوێندنەوەی "دواهەمین هەناری دنیا" ی" بەختیار عەلی "ش ئەم خەیاڵانەو ئەم ترسە فۆبیاییانەی لە لا قووڵتر و زیاتر کردم دوا بە دوای ئەم ئاڵ و گۆرانە لە بیرکردنەوە و روانینەکانی من, رووە دزێو و ناشیرینەکانی مەملەکەتی لم لە نێو ناخمدا ببوو بە موعاناتێکی گەورە بۆماوەیەکی دوور و درێژ بە دەستی ئازارەکانم دەتلامەوە . تا رۆژێک وەکوو بورکان خەمەکانم تەقینەوە و قەسیدەی " فیردەوسی شەوە یەڵداییەکانی لم " لە دایک بوو.بە نووسینەوەی ئەم قەسیدەیەش هێشتا هەر نەمتوانیوە بە تەواوەتی خۆم بە تاڵ بکەمەوە لەم خەونە ترس ئامێزانەی مەملەکەتی لم , کە لە گەڵ خۆیدا وێنەی مەرگ و زیندە بەچاڵکردن و هەوڵدان بۆ سرینەوەی ئاسەواری کۆمەڵگەیەکی بێ تاوانی بۆ دەکێشام . بۆیە لەو ساوە تا نێو مۆخی ئێسقانەکانم
رقم لە بیابان و رقم لە لم دەبێتەوە ... !

2005/4/14